# مووچەی بەتاڵ

**ڕێبین فەتاح**

لەکاتێکدا کە بەشی زۆری بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ مووچە تەرخان دەکرێت، سیستەمی دابەشکردنی مووچەی کارمەندو فەرمانبەرانیش لە کوردستاندا، سیستەمێکی پڕ لەکێشەو گیرو گرفتە، کە ئەگەر ئەو ڕێژەیەی تەرخانکردنی بودجەی حکومەت بۆ مووچە، وەك ئابوریناسەکان بۆی دەچن، خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورە بێت، بەو مانایەی کە مووچە وەك داهاتێکی ئامادەکراو لەگەڵ پرۆسەکانی وەبەرهێنیندا ناگونجێت لەوڵاتداو مووچەخۆرانیش چیتر بەدوای سەرچاوەکانی وەبەرهێناندا ناچن و ئەمەش بنەماکانی وەبەرهانین تێکدەشکێنێت، لەحاڵەتی دووەمدا بەشێکی فراوانی ئەو موچەیەی لە کوردستاندا بە خەڵك دەدرێت، مووچەیەکە، لەبەرامبەر هیچدا دەدرێت، بەمانایەکی دیکە، بەشێکی زۆر لە مووچەخۆرانی ئەو وڵاتە بەبێ ئەوەی خزمەتێك یان خزمەتگوزارییەك و بەرهەمێك پێشکەش بکەن، لەلایەن حکومەتەوە مووچەیەکیان پێدەدرێت. بۆ نمونە ئەو مووچانەی لە کوردستاندا لەژێر ناوی مووچەی شەهیدان یان دەرماڵە پیشەییەکان"کەئەوەی دووەمیان لە عێراقدا نییە"، لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی پۆلیسی ناخزمەتکەر، کە بە زمانە عامەکە پۆلیسی بن دیواریان پێدەگوترێت، دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندو فەرمانبەر کە فەرمانگە فەرمییەکانی حکومەت ئیشی پێیان نییە، کە هەندێکیان هەر بەبێ ئەوەی دەوام بکەن مووچە وەردەگرن، لەوانی دیکەشیان ژمارەیەکی زۆریان بێ ئیش و کار لە فەرمانگەکاندا دادەنیشن، وەك دەبینین لە بەشێکی فەرمانگەیەکدا، ئەگەر فەرمانبەرێك بۆ "دەرکردە" دابمەزرێت، فەرمانبەرێکی دیکە بۆ "هاوردە" دادەمەزرێت، ئەمەش مانای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە ئەو کارەی بەتەنها کەسێك رادەپەڕێنرێت و ئەنجام دەدرێت، لە فەرمانگەکانی ئێمەدا چەند کەسێکی بۆ دامەزرێنراوە.

لە حاڵەتێکی وەهادا کە مووچە بۆ توێژێکی نابەرهەمهێنەرو ناخزمەتگوزار خەرج دەکرێت، جا بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستاندا کە تەواوی بنەما ئابورییەکانی داتەپیوە، کاریگەری ئێجگار نێگەتیف و وێرانەکەرانەی دەبێت لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانە ئابورییەکەی. ئێمە لەسەرەوە ئاماژەمان بەهەندێ مووچە کرد کە لەبەرامبەر خزمەتکردنێکی ئامادەدا نابەخشرێتەوە، وەك مووچەی پۆلیسی بن دیوار، یان مووچەی شەهیدانە، کە ئەگەرچی زۆرجار حکومەت خۆی و دەسەڵاتەکانی دیکەی کوردستان رایدەگەیەنن "واقیعی ئەمرۆمان بەرهەمی خوێنی شەهیدانە" لەبەرئەوە پێویستە هەموو شتێکیان بۆ بکرێت، بەڵام روانگە ئابورییەکە ئەوە نازانێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێ خزمەتێك لە ئێستادا پێشکەش دەکات تا مووچەیەك لەبەرامبەریدا وەربگرێت. لەوانەشە هەر جۆرێك بێت بیانوو هەبێت بۆ پێدانی مووچەیەك بە کەسوکاری شەهیدان، بەڵام بەشێکی مووچەکانی دیکەی لەشێوەی پۆلیسە بن دیوارەکان و دەرماڵە پیشەییەکان، هیچ کاتێك یارای مووچە بۆ خەرج کردن نین، ئەگەر هەر بەو جۆرە، ڕەوشەکەش بەردەوام بێت و هەر پیشەیەك دەرماڵەیەکی بۆ دیاری بکرێت، هیچ دوور نییە، بەیانی یان دوو بەیانی ژمارەیەك بێکار راست ببنەوەو بەناوی کۆمەڵەی بێکارانەوە داوای مووچەیەك لە حکومەت بکەن. ئەم بەخشینەوەی بێ بەرامبەرو بێ بەرنامەیەی مووچەیە، لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگاشدا زیانی خۆی هەبووە، چونکە هەر تاکێك، کاتێك داهاتێکی ئامادەکراوی هەبێت، ئامادە نییە بەدوای سەرچاوەیەکی وەبەرهانیندا بگەڕێت، بەمەش کۆمەڵێك مرۆڤی تەمەڵ دروست دەبێت کە وەك "ڕەجەب"، لەبن دار هەنجیەرەکەدا دەمی کردۆتەوەو چاوەڕوانی ئەوەیە هەنجیەرەکە بکەوێتە دەمییەوە. لەسەرێکی دیکەوە ئەگەر تەماشا بکەین دامەزراندنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك لە فەرمانگەکانی حکومەتداو پێدانی مووچە پێیان، دژ بە هەوڵەکان دەکەوێتەوە کە بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندە وێرانکراوەکانی کوردستان دەنرێن، هەر پرۆسەیەکی وەبەرهێنانیش لەو گوندانە لەناو دەبات، چونکە هەر کەسێك مووچەیەکی بێ ماندووبوون و ئامادەکراوی بۆ دابین بکرێت، ئامادە نییە بچێت لە گوندێکدا وەبەرهانین بکات کە نە کارەبای هەیە، نەرێگاوبانی قیرتاو کراو، نە ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

ئەوەی گرنگە دەبێت حکومەت چاوێك بە پرۆسەی بەخشینەوەی مووچەدا بگێڕێتەوە لە کوردستانداو مووچەی بێ بەرامبەر نەهێڵێت، لەبەرامبەر ئەوەشدا دەتوانێت، ئەو بڕە پارەیەی وەك مووچە بە چینە ناخزمەتکارەکانی دەدات، لە پرۆژەگەلێکی وەبەرههانیندا خەرجی بکات کە دواجار بە قازانجی تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگادا دەشکێتەوە. ئەمەش بەر لە هەر شتێك پێویستی بە پلانی ژیرانەو لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێت لەو بوارانەدا.